

Jenny Marx an Joseph Weydemeyer

In Frankfurt a.M.

# (نامەی "جێنی" کارڵ مارکس، بۆ "یۆسێف ڤێدەمایەر"!)

1

لەندەن- ٢٥ی ئەیاری ١٨٥٠

بەڕێز و ئازیز، جەنابی ڤێدەمایەر..!

بەم زووانە ساڵێك بەسەر ئەو کاتەی کە من لە ماڵی ئێوە و هاوسەرە ڕووخۆش و ئازیزەکەتان میوان بووم، تێدەپەڕێت. لە کانگای دڵەوە و دڵسۆزانە پێشوازیتان لێ کردم و، ساتێکی زۆر خۆش و ئاسودەم لەگەڵ ئێوەدا بەسەر برد. ئیدی لەو کاتەوە تا ئێستا هیچ نامە و هەواڵێك کە نیشانەی ژیان بێت، لەلایەن منەوە بەدەستی ئێوە نەگەییشتووە. تەنانەت ئەو کاتەی لە هاوسەرە بەڕێزەکەتانەوە نامەیەکی هێند دۆستانەم بەدەست گەییشت، یا کاتێك هەواڵی لەدایکبوونی ساواکەتان گەییشت، من هەر خامۆش بووم. زۆرجار ئەم بێدەنگی و خەمساردییە بۆخۆم بۆتە مایەی دڵتەنگی و بێزاری، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت زۆر جار لە توانامدا نەبووە کە نامە بنووسم. ئەمە بۆ من تا ئێستاش کارێکی سەختە، زۆریش سەخت.

تەنها پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ناچارم دەکەن، "پێنووس" بەدەستەوە بگرم.

تکا لە بەڕێزتان دەکەم..! ئەو برە "پارە"یەی کە لە داهاتی ڕۆژنامەکە“Revue” بەدەست هاتووە، یاخود بەدەست دێت، هەرچی زووترە بۆ ئێمەی ڕەوان کەن! ئێمە لێرە زۆر زۆر پێویستمان پێیەتی. بێگومان لە توانای هیچ کەسێکدا نییە ئەوە ڕابگەیەنێت کە لەو پێناوەدا ئێمە چەند لە هەست و نەستی خۆمان کردۆتە قوربانی ئەرکێك، کە ساڵانێکی زۆرە بە هەموو وجوودمانەوە شانمان داوەتە بەری و کەم یا زۆر نەمانهێشتووە سەری جەماوەر بەم مەسەلەیەوە بهێنینە ژان.

هاوسەرەکەم لەم بوارەوە زۆر هەستیارە، ئەو ئامادەیە لەم پێناوەدا هەموو قوربانییەك بدات، بەڵام نەك وەك دیموکراتە سواڵکەرەکان، یاخود وەك گەورەپیاوانی فەرمیی دەربار سەر دانەوێنێ.

گەر هاوسەرەکەم چاوەڕوانییەکی لە هاوڕێیانی خۆی هەبێت، مەبەستم دۆستانی "کۆڵن"ە، ئەوە بە دڵنیاییەوە خۆی لە بەشدارییەکی گەرمتر و پشتیوانییەکی پڕ جۆشتر لە بەڕێوەبردن و گەشەی ڕۆژنامەکەی“Revue” دەبینێتەوە.

ئەم بەشداریکردنەش لەو کاتەدا سوودی دەبوو، کە ڕۆژنامەکەی"ڕۆژنامەی ڕاینی نوێ"+ زیانی ماددی پێگوییشتبوو و ئەمەش لای هەمووان دیار و لەبەرچاو بوو. کەچی لە بری ئەمە، خەمساردی و کەمتەرخەمی لە ڕاپەڕاندنی کاروبارەکان، گەشە و پێشکەوتنی ڕۆژنامەکەی بەرەو هەڵدێر برد. لەم میانەدا ئینسان نازانێت، تاڵانی پەڕتووکخانەکە، بەڕێوبەر، دۆستانی کۆڵن، یاخود سەرجەم کار و کردەوەکانی دیموکراسی، زۆرترین زیانیان بەرکەوتووە.

"هاوسەر"ەکەم لێرە، لە ژێر باری بوختان و درۆهەڵبەستن و قسەی پووچی ڕۆژانەی نەیارەکانیدا، بە جۆرێکی زۆر ناشایستە، خەریکە لەناو دەچێت. ئەو تەنها لە ڕێگەی هێز و توانایییەکی زۆر و باوەڕێکی شێلگیرانە و تەواوی ئەنەرژی و زانست و هۆشیارییەك کە لێی بەهرەمەندە، توانی ئەم خەبات و تێکۆشانە کە کات و وەختی بۆ نەبوو، سەربەرزانە بباتە پێشەوە.

بەڕێز جەنابی ڤێدەمایەر..!

هاوسەرەکەم لە پێناو بەرەوپێشبردنی ڕۆژنامەکە، لە هیچ قوربانییەك درێغی نەکرد و ئەوەی هەیبوو لەم پێناوەدا داینا. هەر بە "بارِ" هەزار "تالەر".[1] ی لەم پەیوەندەدا خستە بەردەست و خاوەندارێتیی ڕۆژنامەکەی خستە ئەستۆی خۆیەوە. بە هۆی هەڵوێستی دیموکراتە نەجیبزادە و دروستکارەکان، کە دەبوو ئەوان بۆخۆیان زەمانەتی قەرزەکانیان لە ئەستۆ بگرتایە، تووشی لۆمە و سەرزەنشت بوو. لەو کاتانەی کە هیچ ئاسۆیەك بۆ بەرەوپێشبردن و بەردەوامیی کاری ڕۆژنامەکە لە ئارادا نەبوو، بۆ ڕزگارکردنی ئابرووی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ڕۆژنامەکە و دۆستەکانی "کۆڵن" ناچار بوو هەموو ئەرکە گرانەکان بگرێتە ئەستۆی خۆی. داهاتی ڕۆژنامەکە و "دەسگا"کەی خۆی بەوان بەخشی، بۆ ئەوەی کرێی بەدرەنگکەوتووی بەڕێوبەر و کرێی مانگانەی"لۆکاڵ"ە تازەکە مسۆگەر کات. لە سەروبەندی ڕۆییشتندا، زەمانەتی (٣٠٠ تالەری مەلیکی) خستە سەر شانی خۆی. کە ئەمە ئیدی زیادەڕەوییەکی لە ڕادەبەدەر بوو.

جەنابتان بە باشی لەوە ئاگادارن، کە بۆ خۆمان یەك تاکە "تالەر" چییە، نەمایەوە..! من هاتم بۆ فرانکفۆرت بۆ ئەوەی دوا "نووقرە"یەک کە هێشتا بە دەستمانەوە مابوو، بخەمە هەڕاجەوە.[2] لە کۆڵن ڕازی بووم کە قەنەفە و دۆڵابەکانی ماڵەوەم بفرۆشن، چونکە مەترسی ئەوەم بەدی دەکرد کە جلوبەرگ و کەلوپەلەکانی ماڵەوەم دەستی بەسەردا بگیرێت.

هەر لەگەڵ سەرەتای دەستپێکردنی دەورانی دژە شۆڕش و بەدبەختییەکانی ئەو سەردەمە، هاوسەرەکەم بە ناچاری ڕووی کردە پاریس و منیش بەهەر سێ منداڵەکەمەوە کەوتمە دووی ئەو. هێشتا لە پاریس نەگیرسابووینەوە، دووبارە فشاریان بۆی هێنا کە پاریس بەجێ بهێڵێت. تەنانەت مافی مانەوەیان بە من و منداڵەکانیش بەڕەوا نەبینی.

بۆ ئەوەی لەو دانەبڕێم، جارێکی تر سەرلەنوێ و بەسێ منداڵەوە ملم نا بە دەریاوە. هەر مانگێك دوای گەیشتنم، منداڵی چوارەممان هاتە دنیاوە. ئینسان پێویستە "لەندەن"ی ببینێت تا ئاگاداری هەلومەرجی ژیان بێت، تا بزانێت ژیان

بە سێ منداڵەوە و لەدایکبوونی منداڵی چوارەم لە شارێکی وەك لەندەن یانی چی..؟! تەنها کرێی خانووەکەمان مانگانە ٤٢ تالەر بوو! ++

ئێمە دەمانتوانی هەموو ئەم تەنگوچەڵەمانە لە ڕێگەی سەرمایەیەکی کەم کە پاشەکەوتی تایبەتی خۆمان بوو، چارەسەر بکەین. بەڵام هەقدەستی لەچاپدانی ڕۆژنامەکە ئەمەشی لووش کرد. سەرەڕای ئەو هەموو گرێبەست و بڕیارەی کە لەم میانەدا هاتبووە کایەوە، پارەیەك کە بۆ کرێی لەچاپدانی ڕۆژنامەکە خەرجمان کردبوو بەدەستمان نەگەیشتەوە.. یاخود لە دواییدا "تالەر" بە "تالەر" گەییشتە دەستمان و، بە شێوەیەکی ترسناک بارمان کەوتە لێژی.

من لێرەدا هەوڵ ئەدەم تەنها دیمەنی تاقە ڕۆژێکی ژیانمان وەك ئەوەی چۆن بووە، باس کەم. تا ئێوە بۆخۆتان شایەدی ئەوە بن کە ڕەنگە لێرە، کەمتر پەنابەرێك پەیدا بێت لە شێوەی ئێمە، ئاوا سامناک و پڕ لە کوێرەوەریی، ژیانی دوورخراوەیی تەی کردبێت.

ئەگەرچی هەست بە ئازار و ژانێکی  زۆر لە سینە و پشتم دەکەم. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بڕیارم داوە،  شیری خۆم بدەم بە منداڵەکەمان. چونکە لێرە "مامان " زۆر بە زەحمەت پەیدا دەبێ و لەگەڵ ئەوەشدا هەقدەستیان زۆرگرانە. بەڵام ئەم فریشتەیە، لەگەڵ شیرداندا هێندە خەم و پەژارەی منی مژی، لەو ڕۆژەوەی کە هاتۆتە دنیاوە بەدەست نیگەرانی و ئازارەوە دەناڵێنێ. هەمیشە نەخۆشە و بەدەم دەردەوە ئەتلێتەوە. ئەتوانم بڵێم: لەو ڕۆژەوەی کە هاتۆتە دنیاوە، جگە لە دوو _ سێ سەعات.. ئیدی شەوێك بە ئارامی خەو نەچووەتە چاوەکانی. بەم دواییە کۆڵنجکردن و نەخۆشی تریش بە دەردەکانی زیادی کردووە.

ئەم بەستەزمانە هەمیشە لە نێوان مەرگ و ژیانێکی تاڵدا پەلەقاژەی بووە.. بە هۆی ئازارەوە هێند بە توندی مەمکمی ئەمژی، کە برینداری کردبوو. زۆر جار لە جیاتی شیر، خوێن بەسەر لێوە لەرزۆکەکانیدا دەهاتە خوار!

ڕۆژێك لەماڵەوە  دانیشتبووم کە لە ناکاو، سەروکەلەی "دەلاڵ"ی خاوەن ماڵەکەمان لێ پەیدابوو. ئێمە لە زستاندا "٢٥٠ تالەر"ی مەلیکیمان پێی دابوو. گرێبەست و ڕێکەوتنەکەشمان وابوو کە لەمە بەدوا، ڕاستەوخۆ کرێخانووەکە تەسلیمی خاوەن مولکەکە بکەین. ئەمەش دەبوو زووتر سەری بگرتبایە، بەڵام بەهۆی وەلامنەدانەوە و بێوەختی خاوەن مولکەکەوە، بەدرەنگ کەوت. کاتێك ژنەکە هاتە ژوورەوە، کەوتە درۆ و بۆڵەبۆڵ و وتی: ئەم گرێبەستە لە ئەمڕۆوە هیچ ئیعتیبارێکی نییە و داوای کرد، پێنج تالەرێك کە هێشتا لەسەرمان مابوو پێی بدەین، بەلام بەداخەوە ئێمە لەوکاتەدا ئەو پێنج تالەرەمان شك نەئەبرد(نامەکەی "وانت"+++ درەنگ گەییشت) دوای ئەمە دوو کەس هاتنە ژوورەوە کە"کارمەندی

دادگا"بوون و بە پێش چاوی پڕ لە فرمێسکی منداڵە نازەنینەکانمەوە، ئەوەی کە هەمان بوو، هەر لە جلوبەرگ و تەختەی خەوتن و کورسی دانیشتن و تەنانەت تەرازووی کێشانی منداڵە هەژارەکەشمیان بە بارمتە گرت. نەك هەر ئەمە بەڵکوو باشترین کەرەستەی یاری منداڵەکانیان دزی.

هەڕەشەیان لێکردین، کە ئەگەر لە ماوەی دوو کاتژمێردا پارەکە نەدەین، ئەوە تەواوی شتومەکیماڵەوە لەگەڵ خۆیان دەبەن. سەرەڕای هەستکردن بەو هەموو ئازار و ئێشەی کە لە سینە و مەمکم دەهات، من و منداڵە لەسەرماهەڵتورتاوەکانم ناچار بووین، لەسەر زەوییەکی ڕووت دانیشین! دۆستەکەمان "شرام" بە هەڵەداوان بۆ پەیداکردنی کۆمەك بەرەو ناوشار کەوتە ڕێ. ئەو کە سواری گالیسکەیەکی سەرکراوە ئەبێت، لەو کاتەدا ئەسپەکان لە دەست کابرای گالیسکەڕان یاخی دەبن و بە لایەکی تردا تێی ئەقوچێنن! ئەو لە ترسا خۆی فڕێ ئەداتە خوارەوە و، بە لەشی خوێناوییەوە هێنایانە ئەو ژوورەی کە من لەگەڵ منداڵە لەرزلێهاتووەکانمدا بۆڵەبۆڵ و گازندەمان بوو..

بۆ ڕۆژی دوایی، ناچار بووین خانووەکە چۆڵ کەین. نم نم باران دەباری و ئاسمان تاریك و هەوا سارد بوو. هاوسەرەکەم کەوتە هەوڵی پەیداکردنی خانوویەك. بەڵام کاتێك دەیانبیست ئێمە خاوەنی چوارسەر منداڵین، پەشیمان دەبوونەوە! ئەوەبوو لە دواییدا، دۆستێك بەفریامان کەوت.

پارەکەمان داو من لە ترسی دەستبەسەرداگرتنی کەلوپەلەکانی ماڵەوە، دەستبەجێ کەوتمە هەڕاجی تەواوی قەنەفە و قەرەوێڵەیەك کە هەمانبوو. بۆ ئەوەی بتوانم قەرزەکانی، دەرمانخانە و قەسابخانە و نانەواخانە و شیرفرۆش بدەمەوە. کە دوای بیستنی ئەم هەرایە ترسابوون و بە دەفتەری حیسابەکانیانەوە لە پێش دەرگا کۆ ببوونەوە و داوای قەرزەکانیان دەکردەوە. کورسی و قەنەفە فرۆشراوەکانیان بردە پێش دەرگا و لە گالیسکەیەکدا باریان کرد.. ئەزانی چی ڕوویدا..؟! کات دوای خۆرئاوا و درەنگ بوو، یاسای ئینگلیز لە دوای خۆرئاوابوونەوە، فرۆشتنی کەلوپەلێك کە دەستی بەسەردا گیراوە قەدەغە دەکات. لەوکاتەدا خاوەن خانووەکە لەگەڵ پۆلیسێك هاتە پێشەوە گوتی: دەیەوێ بەدیار ئەو کەل و پەلانەدا بمێنێتەوە، کە هی ئێمە نەبوون، ئەو ترسی ئەوەی هەبوو کە ئێمە تەوای کەرەستە و کەلوپەلێك کە هی ئێمە نەبوون، هەراج دەکەین و دەفرۆشین، تەنانەت ئەوانەی کە سەر بە خاوەنخانووەکەن. دوای ئەمە دەڕۆین و بۆ شوێنێکی نادیار کۆچ دەکەین..! هێشتا پێنج خولەک تێنەپەڕیبوو، زیاتر لە ٢٠٠ تا ٣٠٠ کەس، گەورە و بچووکی "چێلزیا"گەڕەکێکی شاری لەندەن_ وەرگێر" لە پێش دەرگا کۆببووبوونەوە! تەختەی نووستنەکانیان گەڕاندەوە و بۆ سبەی دوای خۆرهەڵات، کەلوپەلەکان

درانەوە بە کڕیارەکان. کاتێك تەواوی دارونەداری ماڵەوە فرۆشرا و دوا "هێلێر "فلس"_ وەرگێر" ی قەرزەکان درایەوە، من و منداڵە نازەنینەکان گواستمانەوە بۆ دوو ژووری بچوك لە هۆتێلێکی ئەڵمانی کە ئێستا لێی نیشتەجێین. ئەمەش ناونیشانەکەیەتی:

Leicester Street, Leicester Squar,

جێگەیەك کە بە شێوەیەکی ئینساندۆستانە پێشوازیمان لێکرا و، هەفتەی تەنها پێنج تالەر و نیو کرێکەیەتی.

دۆستی ئازیز..! ببوورە هێند دوور و درێژ و هەمەلایەنە، باسی تاقە ڕۆژێکی ژیانمان بۆ ئێوە دەکەم. ئەزانم ئەمە کارێکی نەجیبانە نییە، بەڵام چیبکەم، ئەمشەو کەف و کوڵی دڵ بەسەر پەنجە لەرزۆکەکانمدا شەپۆل ئەدات و دەبوایە هەر ئەم دەردەدڵییە لای یەکێك لە باشترین و بەوەفاترین دۆستەکانم خاڵی کەمەوە.

پێت وا نەبێ کە ئەم دەرد و ئازارە پوچانە منی بە چۆکدا هێنابێ! من ئەوە بەباشی ئەزانم کە خەبات و تێکۆشانی ئێمە، خەباتێکی دابڕاو و فەرامۆشکراو نییە. بەتایبەت من لە ڕیزی خۆشبەختەکانم، چونکە تا هەنوکە هاوسەری ئازیز و پشتیوانی ژیانم، لەپاڵ دەستمەوەیە. تەنها شتێك لە واقیعدا من لە ناخەوە لەناو دەبات و دڵم پڕ لە خوێن دەکات ئەوەیە: کە هاوسەرەکەم ئەم هەموو کار و ئەرکە وردانەی بە تەنها کەوتۆتە سەرشان..! کە دەکرا بە یارمەتییەکی هێندە زۆر نا، نەختێك لە ئەرکەکانی کەم بکرێتەوە. ئەو هەمیشە بە ڕوویەکی خۆش و دڵێکی فراوانەوە دەستی یارمەتی بۆ دۆستانی خۆی درێژ کردووە، کەچی خۆی لێرە بە تەنهایی کەوتۆتە تەنگانەوە!

دۆستی ئازیزم بەڕێز ڤێدەمایەر..! هەروەکوو وتم: پێت وانەبێ کە ئێمە گلەییمان لە کەسێك هەیە، یاخود ئەمانەوێ لەم بارەیەوە کەسێك تاوانبار کەین. ئەگەر ئێمە لەلایەن دۆستێکیشەوە یارمەتییەکمان بەدەست بگات، ئەوە هاوسەرەکەم زۆر بەباشی لە خۆی ڕادەبینێ کە لە ڕێی داهاتی تایبەتی خۆیەوە بیداتەوە. تەنها چاوەڕوانییەك کە هاوسەرەکەم لە دڵەوە لە دۆستەکانی خۆی هەیبێ و لە ڕووی بیروبۆچوونەوە جێگەی سەرنج و تێڕووانین بێت، ئەوەیە: بە مەیل و ئەنەرژییەکی زیاترەوە بەشداری لە بەرەوپێشبردنی ڕۆژنامەکە بکەن. ئەوەی من دەتوانم زۆر سەربەرزانە شانازی پێوە بکەم، ئەوەیە کە هاوسەرەکەم منەتباری هیچ کەسێك نەبووە و نییە. لەگەڵ ئەوەشدا نازانم.. مەگەر مافێکی تەواوی خۆی نییە، گەر لەم کارەدا ١٠ "شلینگ"ی دەست کەوێ..؟! من پێموایە، ئەمە کارێکی ناشایستە نییە.. لەم پەیوەندەدا فێڵ لە کەسێك نەکراوە.

من بەهۆی ئەم بار و دۆخەوە ڕەنج دەکێشم، بەڵام هاوسەرەکەم لەگەڵ من هاوتەبا نییە. ئەو هیچ کاتێك و تا ئێستاش لە سامناکترین بارودۆخدا ، گەشبینی خۆی سەبارەت بە ئاییندە لەدەست نەداوە و تەنانەت لە ناخۆشترین کاتیشدا لە گاڵتەوگەپی خۆی نەکەوتووە. بۆ ئەو تەنها ئەوەندە بەسە کە من شاد و سەرحاڵ ببینێت و، منداڵە نازەنینەکانیش بە دەوری نازی دایکییانەوە..[3]

بەڕێزو ئازیز جەنابی ڤێدەمایەر..!

هاوسەرەکەم ئاگای لەوە نییە، کە من دەربارەی بارودۆخی ژیانمان بۆت دەنووسم و هێند درێژەم پێداوە. ئەو تەنها پێی ڕاگەیاندووم کە بە ناوی ئەوەوە پێتان ڕابگەیەنم، تا پێتان دەکرێ هەرچی زووتر ناردن و حەواڵەکردنی "پارە" کە وەك لە دۆستێك چاوەڕوان دەکرێ، بخەنە دەستووری کارتانەوە.

بێگومان بەڕێزتان لە ڕێگەی ئەم چەند دێڕەوە تێدەگەن، کە لە وەختی خۆی و بە وریاییەوە، تا ئەو جێگەیەی بە دۆستایەتیمان پەیوەندی هەیە، هەنگاو دەنێن.

دۆستی ئازیز، بژین بە سەربەرزی و تەندروستی..! لە کانگای دڵەوە سڵاوی من بە هاوسەرە میهرەبانەکەتان بگەیەنە و لەلایەن "دایك"ێکەوە کە بەدیار کۆرپەکانیەوە ئەو هەموو فرمێسکەی بەسەر گۆنادا هاتوونەتە خوار، فریشتە بچکۆلانەکەتان ماچ کە..!

ئەگەر هاوسەرە ئازیزەکەتان بۆخۆی شیر بە منداڵەکە دەدات، تکایە لە بارەی ئەم نامەیەوە هیچی پێ ڕامەگەیەنە و با نەیبینێ! چونکە من بۆخۆم دەزانم، کەمترین خەم و پەژارە لە کاتی شیرداندا، چ کاریگەرییەکی بەسەر ئەو کرمە بچکۆڵەیەوە دەبێت.

سەرەڕای ئەو هەموو بەربەستی و کوێرەوەرییانە، خۆشبەختانە منداڵە گەورەکان شاد و تەندروستن.. گەورە دەبن و پێدەگەن. کچەکان زۆر شۆخ و شەنگ و دڵخۆشن. ئەمەش بۆخۆی شتێکی زۆر باشە و جێگەی دڵخۆشییە.

بەڵام کوڕە قەڵەوەکەمان، کۆمیدییەکی زۆر سەیرە و، بەهرەیەکی گەورەی لە شۆخی و پێکەنیندا هەیە. ئەم "عفریت"ە بچکۆڵەیە، هەر لە بەیانییەوە تا ئێوارە بە دەنگێکی بەرز و گەورەوە گیزەگیزی دێت و، گۆرانی دەڵێت . خۆ ئەگەر بە دەنگە بەرز و ترسناکەکەی ئەو چەند وشەیەی""Freiligrath Marseillaise"" ئاخ "ییونی"وەرە و لەگەڵ خۆت کار و چالاکی بهێنە،

کارو هەڵسووڕانی تازە دڵمان خۆش دەکات."[4] لاسای کاتەوە،ماڵەوە دەهێنێتە لەرزین.

ڕەنگە ئەمە مێژوی کارو پیشەی جیهانی ئەو بێ لەم مانگەدا، تا وەك هەردوو ڕەقیبە بێشانسەکەی پێش خۆی، ئاگری جەنگێکی گەورەی پێ بەرپا کات، ئێمەش هەموو پێکەوە دەستی یارمەتی بۆ درێژ دەکەین.

تێبینی:
لەکانگای دڵەوە زۆر سوپاسی هاوڕێی فرە ئازیزو بەڕێز "فاتمە ئەحمەد" دەکەم، کە زەحمەتێکی زۆری کێشا و ئەرکی پێداچوونەوەی هەڵە و کەم و کوڕییەکانی لە ڕووی "گراماتیك و ڕێنووس"ە وە گرتە ئەستۆ.

زاریا شێخانۆڤە- ئەڵمانیا
5.7.2013

سەرچاوە:
Marx Engels Werke
Band.27
Briefe Februar 1842-Desember1851
Dietez Verlag Berlin 1976.

---

[1]. تالەر: پارەیەکی زیوی کۆنی ئەڵمانی و ئەوروپییە، کە بۆ گۆڕینەوە و بازرگانی تا ساڵەکانی ١٩٠١ برەوی هەبوو..
[2]. جێنی لێرە ئاماژە بە نووسینێك دەکات، کە لە ساڵی ١٨٦٥ بەدواوە لە دوا ژمارەی "ڕۆژنامەی ڕاینیشی نوێ" بە ناونیشانی"گۆشەی ژیانێکی پڕ لە تەکان" چاپ و بڵاوکراوەتەوە:
لە ساڵی ١٨٤٩ مارکس ناچارکرا، ئەڵمانیا جێبهێڵێت، ئەو بەناچار و سەرلەنوێ ڕووی کردەوە پاریس، چونکە چیدی لە ئەڵمانیا ژیان و خەبات بۆ ئەو، ئیمکانی نەبوو. من بەهەر سێ مناڵەکەمەوە بەناچار دەبوو هەشت ڕۆژێك لە "بینگن".. شارێك نزیکی "کۆڵن"..وەرگێر" بمێنمەوە، بۆ ئەوەی جارێکی تر بتوانم خۆم بگەیەنم بە نیشتمانە بە وەفاکەم و باوەشی دایکم. هەر لە"بینگن"وە گەشتێکی کۆتام کرد بۆ فرانکفۆرت، تا قاپ و قاچاخە لەزیودروستکراوەکانمان، کە "برۆکسل" نرخی زیوەکەیان لێ دەرهێنابوو، جارێکی تر، بەنرخی زیوەکەی بفرۆشمەوە. لە فرانکفۆرت "ڤێدەمایەر" و هاوسەرە میهرەبانەکەی مێواندارییەکی گەرمیان لێکردم

و، لە کاتی مەزادکردنی کەلوپەلەکان لە هۆڵی مەزادخانە، زۆر یارمەتیدەر بوون. بەم شێوەیە توانیم پارەی سەفەرەکەمان دابین بکەم.

[3]. جیاوازی بیروباوەڕی مارکس و ئەنگێڵس لەگەڵ "ئارنۆڵد ڕووگە"دا ئەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای پێکەوەکارکردنیان لە" ساڵنامەی فەڕەنساو ئەڵمانیا". هۆکاری ئەم جیاوازییانەش لەو دژایەتی و دوژمنایەتییەوە سەرچاوەی دەگرت، کە"رووگە" لە دژی کۆمۆنیزم وەك جیهانبینییەکی شۆڕشگێڕانە، هەیبوو. ئەمە سەرەڕای ئەو درزە چارهەڵنەگرانەی کە لە نێوان دیدگای شۆڕشگێڕانەی چینی کرێکاریی مارکس و ئینگێڵس و، دیدگا و جیهانبینی "هێگل"ە لاوەکانی ڕووگەوە کە لەسەر بنەمای فەلسەفەیەکی ئایدیالیستییەوە هاتبووە کایەوە و، شۆڕشی کۆمەلایەتی چینی کرێکاری ڕەت دەکردەوە. ئەم هەڵوێستە توندوتیژەی ڕووگە، لە ساڵی ١٨٤٤ و لەگەڵ ڕاپەڕینی کرێکارانی چنین لە شێلیزیە.. "ویلایەتێکی ئەو سەردەمەی دەوڵەتی پرۆس.. ئەڵمانیا کە ئێستا سەر بە پۆڵەندایە. وەرگێر" زیاتر بەرجەستە بووەوە. کۆتایی پەیوەندییەکانی ڕووگە و مارکس لە مارسی ١٨٤٤ ەوە گەییشتە ئەوپەڕی ڕاددەی خۆی. مارکس لە ئاوگوستی ١٨٤٤، کێشەکانی نێوان خۆی و ڕووگەی قوڵتر کرد، کاتێك لە "بۆ پێشەوە" و لە وتارێکی ڕەخنەگرانەی بێ پەردەدا، بە ناونیشانی (پاشای پرۆس و ڕیفۆرمی کۆمەلایەتی لەلایەن پرۆسێکەوە، هەڵوێستی هاونیشتمانییەکی بێفەرهەنگ. (بڕوانە بەندی یەکی سەرجەم بەرهەمەکانی مارکس کە لەلایەن ئێمەوە چاپ و بلاوکراوەتەوە، لاپەرەی ٣٩٢-٤٠٩

[4]. ئەو ڕستەیەلە کۆپلە هۆنراوەیەکی (Ferdinand Freiligrath) کە بۆ شۆڕشی ١٩ مارسی ساڵی ی١٨٤٩ی "کۆڵن"ی نووسیوە، وەرگیراوە. جەژنی ئازادی لەسەر "گیرسناخ" ی کۆڵن...

"ساڵنامەی فەڕەنسا ئەڵمانیا" بە سەرپەرشتی و نووسەری کارڵ مارکس و ئارنۆڵد ڕووگە، بە زمانی ئەڵمانی لە پاریس، چاپ و بڵاودەکرایەوە و تا ساڵی ١٨٤٤ هەر دوو ژمارەی هاتە چاپ و بڵاوکردنەوە. لەم ساڵنامەیەدا مارکس و ئینگێڵس چەند دەسنووس و وتاری گرنگیان بڵاو کردۆتەوە، لەوانە: " نامەیەك لە بارەی"مەسەلەی یەهوود"لە نووسینی کارڵ مارکس، ڕەخنە لە فەلسەفەی حقوقی یاسایی هێگڵ، نووسینی کارڵ مارکس. فریدریك ئینگێڵس. "ڕەخنە لە ئابووری میللی و، بارودۆخی ئینگلەند...

+ نۆیه ڕاینیشه سایتونگ

++ منداڵەکانی مارکس:

جێنی، لاورا .."ئێدگار_۳هاینریش گویدۆ"

+++ کۆنڕاد وانت، بڕوانە سەرجەمی بەرهەمەکانی مارکس و ئنگێڵس، بەرگی ۲۷.